**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سـالّی (1992) هەموارکراو و, لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق, ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (2006/1/24) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە(1) بۆ ساڵی 2006**

**یاسای هەموار کردنی حەوتەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق ژمارە (3) بۆ ساڵی 1992ی هەموارکراو**

**مادەی یەکەم:**

1– ئەو بەدەرکردنەی (الاستثناء) لە هەموارکردنی یەکەمی ماددەی چوارەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی هەموارکراودا هاتووە سەبارەت بە مەرجی تەمەن هەڵدەوەشێندرێتەوە.

2ـ مەرجە ئەو کەسەی بۆ پۆستی بریکاری وەزارەت دادەنرێت بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆ بێت.

**مادەی دووەم:**

1– بڕگەی (1) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەمواردەکرێت وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
( ئەنجومەن بە باڵاترین دەستەی جێبەجێکردنی هەرێم دادەنرێت و لەسەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێت)

2– بڕگە (2) لەهەمان ماددە هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:
( سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرێکی دەبێت)

3– بڕگە (3)لە هەمان ماددە هەڵدەوشێندرێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.
أ– سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەندێك لەدەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی بدات.
ب– لەکاتی ئەمادە نەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا جێگرەکەی جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

4– بڕگە (2)ی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

5– ( لە حاڵەتی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکدا جێگرەکەی کارو فەرمانی پۆستەکە دەگرێتە ئەستۆ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان تا دەستنیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی (15) رۆژو پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ).

**مادەی سێیەم:**

ماددەی نۆیەم لەیاسای ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم ئەو هەموارکردنانەی بەسەریدا کراوە هەڵدەوشێندرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.

أ– ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:–

1– وەزارەتی ناوخۆ

2- وەزارەتی دارایی و ئابووری
3- وەزارەتی داد
4- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە
5- وەزارەتی گواستنەوە
6- وەزارەتی پەروەردە
7- وەزارەتی تەندروستی
8- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی
9- وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی
10- وەزارەتی دەرامەتە ئاوویەکان
11- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
12- وەزارەتی پلاندانان
13- وەزارەتی مافی مرۆڤ
14- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
15- وەزارەتی کشتوکاڵ
16- وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان
17- وەزارەتی رۆشنبیری
18- وەزارەتی کارەبا
19- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
20- وەزارەتی شارەوانی
21- وەزارەتی وەرزش ولاوان
22- وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم
23- وەزارەتی بازرگانی
24- وەزارەتی پیشەسازی
25- وەزارەتی ژینگە
26- وەزارەتی گەشت و گوزار
27- وەزارەتی گەیاندن

ب- دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزیرێکی هەرێم بگرێتە خۆ.

**مادەی چوارەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**مادەی پێنجەم:**

ئەنجومەنی وەزیران دەبێ ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**مادەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان - عیراق**